# International Theatre Institute ITI

**World Organization for the Performing Arts**

## پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ ٢٠٢٥ - ٣ ١٢٧

نووسەری پەیامەکە: تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆز، گریک

دەرهێنەری شانۆ، مامۆستا، نووسەر، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری هونەریی
کۆمپانیای شانۆی ئاتیس، سرووشبەخشی ئۆڵۆمیکەکانی شانۆ و
سەرۆکی لیژنەی نێونەتەوەیی ئۆڵۆمپیکەکانی شانۆ

Kurdish (Translation)

---

## پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ٢٠٢٥ لەلایەن تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆلۆس

وەرگێڕانی: ڕزگار حەمە ڕەشید

لە جیهانی هاوولاتییە هەژارکراوەکاندا، ئەوانەی لە زیندانە تاکەکەسیەکانی واقیعی خوازەدا بەند کراون و بە تایبەتمەندێتییە خنکێنەرەکانی خۆیان گەمارۆدراون، لە جیهانی هەبوونە بەرۆبۆتکراوەکانی ناو سیستەمێکی تۆتالیتاری کۆنترۆڵکەر و سەرکوتکەردا، لە سەرانسەری ئەم ژیانە تارماییی ئاسایەدا، ئایا شانۆ توانای بیستنی ئەو بانگەوازی بەدەنگەوەهاتنەی هەیە کە ئەم سەردەمەی ئێمە دەینێرێتە دەرەوە؟

ئایا شانۆ گرنگیی بە لەناوچوونی ژینگەیی و گەرمبوونی جیهان و لەدەستدانی جۆراوجۆریی زیندەوەران و پیسبوونی زەریاکان و توانەوەی سەهۆڵبەندانەکان و زیادبوونی ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان و ڕووداوە توندەکانی کەشوهەوا دەدات؟ ئایا شانۆ دەتوانێت ببێتە بەشێکی چالاک لە سیستەمی ژینگەییدا؟ ساڵانێکی زۆرە شانۆ چاودێری کاریگەریی مرۆڤەکان دەکات لەسەر ئەم هەسارەیە، بەڵام بۆی سەختە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکات.

ئایا شانۆ نیگەرانە لەو بارودۆخەی لە سەدەی بیست و یەکدا بۆ مرۆڤ دادەڕێژرێت؟ ئەوەی هاوڵاتی لەلایەن بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان و تۆڕە میدیاییەکان و کۆمپانیاکانی دروستکردنی بیروڕاوە هەڵدەسووڕێنرێت. ئەوەی سۆشیال میدیاکان، بەو ئەندازەیەی خۆیان دەستەبەری دەکەن، پاساوی مەزنن بۆ پەیوەندیکردن، چونکە بەپێی پێویست مەودایەکی بێوەی فەراهەم دەکەن لەگەڵ ئەویتر دا. هەستێکی بەربڵاوی ترس لە ئەویتر، جیاواز، نامۆ، زاڵە بەسەر بیرکردنەوە و کردارەکانماندا.

ئایا شانۆ دەتوانێت وەک وۆرک شۆپێک کار بۆ پێکەوەژیانی جیاوازییەکان بکات، بەبێ ئەوەی ئەو کسپە خوێنبەربووە لەبەرچاو بگرێت ؟

ئەو کسپە خوێنبەربووە بانگهێشتمان دەکات جارێکیتر ئەفسانە بونیاد بنێینەوە. بە وتەکەی هاینەر مۆلەر: "ئەفسانە کۆکەرەوەیە، ئامێرێکە هەمیشە دەتوانرێت ئامێری نوێ و جیاوازی  پێوە پەیوەست بکرێت. بەردەوام

وزە دەگوازێتەوە تا ئەو خێراییە گەشەسەندووە مەیدانی کەلتوور دەتەقێنێتەوە."من مەیدانی بەربەرییەتیشی بۆ زیاد دەکەم.

ئایا چەپکەڕووناکیی شانۆ دەتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر کسپەی کۆمەڵایەتی و واز لە ڕۆشنایی چەواشەکارانەی سەر خۆی بهێنێت؟

ئەو پرسیارانەی ڕێگە بە وەڵامی یەکلاکەرەوە نادەن، چونکە شانۆ لە سایەی پرسیارە بێ وەڵامەکانەوەیە بوونی هەیە و دەتوانێت بەردەوام بێت.

ئەو پرسیارانەی لەلایەن دیۆنیزۆسەوە هەڵگیرسێنراون، ئەمڕۆ، لە ڕۆژی جیهانیی شانۆدا، بە تەنیشت شوێنی لەدایکبوونەکەیدا گوزەر دەکات، بەتەنیشت ئۆرکێسترای شانۆی کۆن دا و بەناو دیمەنەکانی جەنگدا درێژە بە گەشتە بێدەنگە پەناهەندییەکەی خۆی دەدات.

با سەیری چاوەکانی دیۆنیزۆس بکەین، ئەو خوداوەندە شاگەشکەیەی شانۆ و ئەفسانە کە ڕابردوو و ئەمێستا و داهاتوو یەکدەخات، منداڵی دوو لەدایک بوون، لەلایەن سیمێل و زیۆسەوە ، دەربڕی شوناسە شلەکان، مێینە و نێرینە، تورە و میهرەبان ، یەزدان و ئاژەڵ، لە لێواری نێوان شێتیی و ئاوەز دا، ڕێکوپێکی و پشێویی، ئەکرۆباتێک لەسەر سنووری نێوان ژیان و مردن. دیۆنیزۆس پرسیارێکی بنەڕەتی ئەنتۆلۆژی دەخاتە ڕوو "ئەمە هەمووی دەبارەی چییە؟" پرسیارێک، داهێنەر بەرەو لێکۆڵینەوەیەکی هەمیشە قووڵتر ڕادەکێشێت لەمەڕ ڕەگی ئەفسانە و ڕەهەندە هەمەچەشنەکانی مەتەڵی مرۆڤایەتی.

ئێمە شێوازی گێڕانەوەی نوێمان پێویستە ئامانجی ئەوە بێت، بۆ دەرباز بوون لە دیکتاتۆرێتی فرەچەشنەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەمێستا، یادەوەری بچێنێت و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسی نوێ دابڕێژێت.

تیۆدۆرۆس تێرزۆپۆڵۆس

Translated to Kurdish - Sorani by Rzgar Hama

Artistic Director of Sky Theatre Group